ئەفسەرێکی کەماندۆ لە سلێمانی لەلایەن کچە هاوڕێیەکی خۆیەوە کوژرا

ئەفسەرێکی کەماندۆ لە سلێمانی لەلایەن کچە هاوڕێیەکی خۆیەوە کوژرا.

ئەفسەرێکی کەماندۆ لە شاری سلێمانی سێ مانگە دەستگیراندارە و بەیانی دوێنێ هەینی لەگەڵ کچە هاوڕێیەکی چووەتە دەرەوە و دواتر بە چەکەکەی خۆی لەلایەن کچە هاوڕێکەیەوە بە دوو گوللە کوژراوە.

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی سلێمانی ئاماژەی بەوەکرد، لەدوای رووداوەکە کچەکە پەیوەندی بە کەسوکاری کارمەندەکەی کەماندۆوە کردووە پێی راگەیاندوون کە کوڕەکەیان بووراوەتەوە.

سەرچاوەکەی پۆلیسی سلێمانی وتیشی: کچەکە لەدوای رووداوەکە تووشی شۆک بووە و شوێنی رووداوەکەی جێنەهێشتووەو لەکاتی گەیشتنی هێزە ئەمنییەکان دەستگیرکراوە.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکان، دەرکەوتووە کچەکە و کارمەندەکەی کەماندۆ لە پێشتردا پەیوەندی سۆزداریان هەبووە و مارەیی ئەو ئەفسەری کەماندۆ توڕەی کردووەو بەوهۆیەوە بە دوو فیشەک کوشتی.